بێورانەکەلێك كە لەم كتێبەدا هاتوون، بەرپرسیارێتی سەرلەبەریان تەنیا دەگەرێتەوە بۆ خاوەنی، ئەکادیمیای کوردی لێیان بەرپرس نییە.

* ناوی کتێب: پۆڵۆنیۆمی بۆمی
* ئامادە کردن و وەرگێڕانی: ئەحمەد ئاقانە
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری چاپ: عوسمان پیرداود
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٥٦٣)
* چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٩٥٦)ی سالی ٢٠٢٣ی پێدراوە.

– هەموو مافێکی چاپکردن بۆ ئەکادیمیای کوردی پارێزراوە.
– ئەم کتێبە نابێت بەهیچ جۆر بێ ڕەزامەندیی ئەکادیمیای کوردی دووبارە چاپ بکرێتەوەو وێنەکانی لەبەر بگیرێتەوە.

Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

بەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی چەند سەت ساڵێك نەك تەنیا کوردستانی داگیر کردبوو، بەڵکو تەواوی وڵاتە عەرەبییەکان و سێ چارەکی ئەورووپا تا ڤیەننای نەمسا ڕۆیشتبوو و تەنانەت دەریای ڕەش و دەوروبەریشی بەدەستەوە بووە و دەریاکە بووبووە دەریایەکی ناوەکیی ئەو دەوڵەتە. بۆیە زۆربەی نووسراو و تۆمارەکانی سەردەمی عوسمانی بەو زمانەی دەسەڵات بووە، کە عوسمانییان پێ گوتووە، ئەو زمانەی ئەگەرچی لەسەر بنەمای تورکی دانراوە، ئەوەند لە عەرەبییەوە وەك زمانی ئاین و لە فارسییەوە وەك زمانی باڵادەستی ڕۆشنبیری و ئەدەبییاتی ئەو ڕۆژگارە خۆی بە ناو ئەو زمانەدا کردووە، ئینجا نەریتی ئەوەشی هاتووەتە سەر کە وەرگرتنی هەر وشە و زاراوەیەك لە زمانەکانی ئەو نەتەوانەی ناو کەوشەنی عوسمانیدا بوونە، پەسند بکرێ و ئەم کارەش بە دەوڵەمەند بوونی ئەو زمانە دابنرێ و بەمجۆرە بووەتە شێوە زمانێك عوسمانییان پێ گوتووە و بەوەی کە زمانی بەکارهاتووی دەسەڵاتی عوسمانی بووە، بە بەربلاوی و فراوانی بەکار هاتووە، زۆربەی هەرە زۆری مێژووی ئەو وڵاتانە و تۆمار و بەڵگە و تاد. بەو زمانە نووسراوەتەوە.

بێگومان کوردستانیش بەشێکی ئەو ئیمپراتۆرییەتە بووە و بەمجۆرە کەلەپووری مێژوویی و کۆمەڵایەتیمان تێکەڵ بەو کەلەپووڕە بووە و بۆ دۆزینەوەیان گەلێك جار، پێویستی وامان لێ دەکا لە لایەنە جوداکانی ئەو کەلەپووڕە دەوڵەمەندەی عوسمانییە بکۆڵینەوە و بیانپشکنین.

یەك لەو گرفتانەی دێتە بەر ڕێی توێژەرەوە و لێکۆڵەرەوانی ئەو سەرچاوە و بەڵگەنامە عوسمانییانە، ئەو ڕۆژژمێرە ڕۆمی (مالی) یەیە کە چەند سەدەیەك لەمەوبەرەوە بەکارهێنراوە و دواتر وا بەباش زانراوە لاببرێ و لەکار بخرێت و لە بواری زانینی ئاسایی دوور بکەوێتەوە.

لەو نووسین و تۆمار و بەڵگەنامانەی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا ئەو ڕۆژژمێرەمان بەرچاو دەکەوێ، وەك ژمارە و بەپێی ڕووداو و ناوەرۆکەکانیان زۆر لە سانی کۆچی " هیجری " یەیەوە نزیکە، بۆیە لە گەلێك لێکۆڵەرەوە تێکدەچێ و بە هیجری دادەنرێ، مەگەر ئەوانەی تێبینیی ئەوە دەکەن کە ناوی مانگەکان لە ساڵە ڕۆمی " مالی " یەکەدا مانگە کۆچییەکان نین، بەڵکو هەر وەك مانگە زایینییە خۆراواییەکەن، لەم خشتەیەی خوارەوەدا ناوی مانگ و ڕۆژانی مانگەکانی هەر سێ ڕۆژژمێری ڕۆمی و کۆچی و زایین ڕوون دەکەینەوە:

مانگەکانی ڕۆمی	ڕۆژ	مانگەکانی کۆچی	ڕۆژ	مانگەکانی زایین	ڕۆژ
مارت	٣١	موحەڕڕەم	٣٠	کانوونی دووەم	٣١
نیسان	٣٠	سەفەر	٢٩	شوبات	٢٨/ ٢٩
مایس	٣١	ڕەبیعی یەکەم	٣٠	ئادار	٣١
حوزەیران	٣٠	ڕەبیعی دووەم	٢٩	نیسان	٣٠
تەممووز	٣١	جومادیی یەکەم	٣٠	مایس	٣١
ئەغستۆس	٣١	جومادیی دووەم	٢٩	حوزەیران	٣٠
ئەیلوول	٣٠	ڕەجەب	٣٠	تەممووز	٣١
تشرینی یەکەم	٣١	شەعبان	٢٩	ئاب	٣١
تشرینی دووەم	٣٠	ڕەمەزان	٣٠	ئەیلوول	٣٠
کانوونی یەکەم	٣١	شەووال	٢٩	تشرینی یەکەم	٣١
کانوونی دووەم	٣١	زیلقیعدە	٣٠	تشرینی دووەم	٣٠
شوبات	٢٨/ ٢٩	زیلحیججە	٢٩/ ٣٠	کانوونی یەکەم	٣١

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

لەسەردەمی عوسمانیدا تا نیوەی دووەمی سەدەی حەفدەهەم لە سەوداکاندا بێ، یان لە بەڵگەنامە و کتێبەکاندا هەر تەنیا سالی کۆچیی " هەیڤی – مانگی " بەکارهێنراوە.

دەوڵەتی عوسمانی وەك نەتەوە و دەوڵەتە موسوڵمانەکان، نەخوازەڵا ئەمیان خۆی بە میراتگری جێنشینایەتی " خەلیفایەتیی پێغەمبەر " داناوە، ڕۆژمێری کۆچییان بەکارهێناوە کە لە سەرەتای کۆچی پێغەمبەر لە مەککەوە بۆ مەدینە دانراوە. واتە ڕۆژمێرەکە ئاینییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەورۆژمێرە بەپێی جووڵەی مانگ " هەیڤ " ڕێکخراوە و ڕۆژانی سالی تێدا (٣٥٤) ڕۆژە و لەگەڵ وەرزەکانی ساڵدا ڕێك نەدەهات، واتە ڕۆژەکانی وەرزەکان تەواو ناکەن، بۆیان لە بەکارهێنانی ڕۆژمێری جۆلیانی کردووە کە سەرەتاکەی لە زایینی مەسیحەوە دانراوە و (٣٦٥) ڕۆژە، واتە (١١) ڕۆژ لە کۆچی پتر و وەرزەکانی ساڵ دەگرێتەوە و مەبەستیش لەم بەکارهێنانە وەك شتێکی سەرەکی ڕێکخستنی دارایی دەوڵەت بووە کە باج و سەرانە و دە یەکانە و پێنج یەکانەی بەروبوومی زەوی و زاریش دەگرتەوە و هەروەها هی دیکەش، ئەم کارانەشیان بە زۆری لە مانگی مارت / ئادار – ی زایینەوە ئەنجام دراوە نەك لە سەرەتای مانگی موحەڕەمی کۆچییەوە. بۆیە کە ئەو ڕۆژمێرەیان داناوە، لەم لایەنەوە ناوی ڕۆژمێری " مالی " یان لێ ناوە، لەلایەکی کەوە دەوڵەتی عوسمانی لەسەر ئەو خاکەدا بووە کە لەناو قەڵەمڕەوی " ڕۆم " دا بووە و ناسیای بچووکیشیان پێ گوتووە. واتە سنووری تورکیای ئەمڕۆشی تێدا بووە و بە وڵاتی ڕۆم دەناسرا، کە پێشتر بەدەست دەوڵەتی ڕۆمی بیزەنتییەوە بووە، بۆیە ڕۆژمێرەکە ناوی " ڕۆمی " شی دراوەتێ.

لە سەردەمی سوڵتان موحەممەدی چوارەم (١٦٤١ – ١٦٩٢ ی زایین) دا بە پێویست زانرا، لە (٤ ی سەفەری ١٠٨٨ ی کۆچی) دا فەرمانێك دەرکرا و بڕیاری بەکار هێنانی ڕۆژمێری ڕۆمی " مالی " درا.

لەم ڕۆژمێرەدا ژمارە (١٠٨٧) ی ئەو ساڵەی کۆچییە بە بنەما گیرا، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە، ئەگەرچی لەو ساڵەدا بە فەرمی ناسراوە بەڵام هەر لە سنووڕێکی تەسکدا بەکاربراوە و پەلی نەهاویشتووە، لە (١٢٥٦ ی کۆچی) یەوە بواری فراوانتر کراوە و بە فەرمی خراوەتە کار و پەیڕەوی کراوە، وەك دواتریش باسی دەکەین.

مانگی یەکەمی سالی ڕۆمی " مالی " لە مارت " ئادار " دوە دەستی پێ کردووە و یەکەم ڕۆژی مارت بەرامبەر ڕۆژی (١٣) ی مارت / ئاداری سالی زایین دانراوە، بەم پێیە دە مانگی یەکەمی ڕۆمی دەکەوێتە سالی زایین و دوو مانگەکەی دیکە دەکەوێتە سالی دواتر.

مانگەکانی زایینی " هەندێکی لە ڕۆژمێری سەلەفکی و هەندێکیشی لە جوولیانییەوە وەرگیراون، (مارت) بۆ ئادار و (ئەغستۆس) بۆ ئاب بەکارهێنراوە. سالی کەبیسە نەك وەك زایین لەو ساڵانەدا دەبێ کە ژمارەیان بەسەر چواردا بەڕێکی و بەبێ ماوە دابەش دەبن، بەڵکو لە یەك سالی پێش ئەوەوە دەبێ.

ساڵەکان نەك وەك سالی کۆچی بە پێی سووڕی " زەوی و مانگ " بە (٣٥٤) ڕۆژ دابنرێ، بەڵکو بەپێی سووڕی زەوی و هەتاو بە (٣٦٥) ڕۆژ دانراوە و بەوجۆرە پەیڕەو کراوە. لەبەر ئەو جیاوازیی دە ڕۆژەش تا دێت ژمارەی ڕۆمی و کۆچی لێکدوورەکەونەوە، لە سی و سێ ساڵدا، سالی کۆچی سالێك پێش ڕۆمی دەکەوێ، بۆ نەهێشتنی ئەو جیاوازییە، بڕیار دراوە لە هەر (٣٢) سال جارێك سالێك لە ڕۆمی لاببرێت و هەردووکیان یەکسان ببنەوە، تورك بەمە دەڵێن (سەویش) و عەرەب پێی دەڵێن ئیزدیلاق(ازدلاق).

لە ڕۆژانی سوڵتان عەبدولعەزیز – دا لەبیر کرا لەکاتی (سەویش – ئیزدیلاق) دا ڕۆژمێرەکە دەستکاری بکرێ و سالێك لە ڕۆمی لاببرێ کە دەبوو لە ساڵی (١٢٨٨) دا بکرێ. بەمجۆرە جیاوازی کەوتە نێوان کۆچی و ڕۆمی و تا دەهات جیاوازییەکە پتر دەبوو.

لە کارگێڕیی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا تا دوارۆژانی سەردەمی تەنزیماتی دەستوور " مەشرووتییەت " لەسەر ئەم بنەمایە بەردەوام بوون و لە کاروباری دەوڵەتدا ڕۆژمێری ڕۆمیش و کۆچی – ش بەکار براوە.

لە ٨ ی شوباتی ساڵی ڕۆمیی ١٣٣٢ دا کە بەرامبەر ساڵی / ١٩١٧ بووە، یاسای ژمارە / ١٢٥ پەسند کراوە، بە مەرجی بەکارهێنانی کۆچی وەك خۆی، بەکار بردنی ڕۆژمێری خۆراوایی " زایین " پەسند کراوە، بەمجۆرە ڕۆژی (١٦ ی

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

شوباتی ١٣٣٢) کرایە (١ ی مارتی ١٣٣٣ ی ڕۆمی) (١٩١٧ ی ز)، بە یەکەم ڕۆژی مارتی ساڵی ١٣٣٣ دابنرێ و جیاوازیی نێوانی دوو ڕۆژژمێرەکە لابراوە.

لە ٢٦ ی کانوونی یەکەمی ١٣٤١ ی ڕۆمی (١٩٢٥ ی زایین) پەرلەمانی تورکیا بە پەسند کردنی یاسای ژمارە ٦٩٨ بەکار هێنانی ڕۆژژمێری زایین کە لە هەموو جیهانی شارستانیدا بەکار دەهێنرێ پەسند کرد، بەمجۆرە ڕۆژی دوای ڕۆژی (٣١) ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٣٤١ ی بە یەکەم ڕۆژی کانوونی دووەمی ١٩٢٦ دانا.

***

پێشتر من ساڵی (٢٠٠١) لە شێوەی نامیلکەیەکدا ڕۆژژمێری ڕۆمی – م لە (٣٢) لاپەڕەدا لە دەزگای ئاراس لە چاپ دا و بەپێی خشتەگەلێکی کورت کراوەدا بەپێی کۆششەکانی لێکۆڵەرەوە تورکەکان دانابوو. ئەوەی ڕاستی بێ لەو نامیلکەیەشدا دۆزینەوەی ڕۆژەکانی ئەو ڕۆژژمێرە و بەراوردکارییەکانی لەگەڵ کۆچی و زایینیدا هەوڵ و ماندوو بوونێکی دەوێ.

لەم ماوەیەی دواییەدا ئەگەرچی پرۆژەی دیکەی ڕۆشنبیریم – بە گوێرەی خۆم – زۆرن، بڕیاری ئەودم دا ناوە ناوە لە کاتی خۆم بگێڕمەوە و خۆم پتر ماندوو بکەم و ئەم خشتانەی ڕۆژ بە ڕۆژی بەراورد کردنی نێوانی هەر سێ ڕۆژژمێری ڕۆمی و کۆچی و زایینە ئامادە بکەم، هەروەك بینیشمان ئەم ڕۆژژمێری ڕۆمییە، لە سەردەمی تەنزیماتدا ساڵی ١٢٥٦ ی کۆچی / ١٨٤٠ ی زایین بە فەرمی ناسراوە و لە بوارە جودا جوداکاندا خراوەتەکار، بۆیە منیش خشتەکانم لە سەرەتای ١٢٥٦ ی ڕۆمییەوە تا ساڵی لابردنی ئامادە کردووە.

لەو بڕوایەدام ئەم کارە ئاسانکارییەکی زۆر گەورە بۆ توێژەرەوە و لێکۆڵەرەوەکانی سەرچاوە بەتایبەتی کلاسیکییەکانی سەردەمی عوسمانی دەکا و سوودێکی گەورەی دەبێ.

ئەحمەد تاقانە

کەرکووك – کانوونی دووەمی ١٩١٦

سەرچاوەکانی پێشەکی:

- Faik Reşit Unat - Hicri Tarihleri Miladi Tarihe Çevirme Kılavuzu – Türk Tarih Kurumu Yayınları VII - Sa. 37 e – 6.baskı – 1988.

- عباس العزاوي المحامي – تاريخ العراق بين احتلالين – الجزء السابع – ١٩٥٥ – الصفحة / ٤٧ -الجزء الثامن – ١٩٥٦ / الصفحة / ٢٩٩.

- فريمان جرنفيل – التقويمان الهجري و الميلادي – ترجمة: د. حسام محيي الدين الآلوسي – منشورات وزارة الثقافة والاعلام " مديرية الثقافة العامة " - مطبعة الجمهورية ١٩٧٠ – الطبعة الثانية ١٩٨٦.

هەروەهابڕوانە:

https://tr.wikipedia.org/wiki/Rumi_takvim
http://www.turkcebilgi.com/rumi_takvim#bilgi

***

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library